# بازاڕی سلێمانی دەوەستێت

## کێشانەوەی حکومەت لە سلێمانی، وەستانی جموجوڵی بازرگانی لێکەوتەوە

راپۆرتی سالار مەحمود

● ماوەی چەند مانگێکە پوکانەوەیەکی ئابوری روو لە سلێمانی دەکات و بازاڕ لەسەرەوە بۆ خوارەوە و لە گەورەترین پرۆژەوە تا پرۆژە زۆر بچوکەکان و هەموو ئەوانەی کاری کڕین و فرۆشتن دەکەن، تووشی وەستان دەبن و گوژمی ئابوریش بەردەوام بەرو دواوە دێ، سەرباری چەند هۆکارێکی لاوەکی پسپۆڕان و شارەزایانی ئابوری ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی بە هۆکاری بنەڕەتی پوکانەوەکە دەزانن.

بەپێی بەدواداچونێکی مەیدانی گۆڤاری لڤین لەناو شاری سلێمانی و دەوروبەریدا دەرکەوتووە کەوا جموجوڵی ئابوری بە بەراوردی ساڵێك بەر لە ئێستا لە ٨٠٪ دابەزیوە و لە هەندێك شوێنی وەکو پێشانگاکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل و نوسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانو و زەوی و دوکاندا زۆر لەوە زیاترە و مامەڵەکردن لەم دوو جێگایەدا لەئاستی وەستانی تەواوەتی دایە و پوکانەوە و بێ بازاڕییەکە تەنانەت دوکانی کەمالیاتەکان و تاقیگەکانی چاپ کردنی وێنە و تۆمارگەکانی گۆرانی و سەرتاشەکان و هەتا چێشتخانەکانیشی گرتۆتەوە.

ئەندازیاری بیناسازی جەمال کەریم دەڵێت" لە ٧٥٪ ئەو ئەندازیارانەی کاری ئازاد دەکەن ئێستا کاریان نییە" ئەم ئەندازیارە ئەوەش دەڵێت کە زۆر پرۆژەی بیناکاریش هەیە کە بەنیوە تەواوکراوی وازی لێهێنراوە، جەمال هۆکارەکەشی بە تەنها بۆئەو بارودۆخە سیاسیە گێڕایەوە کە ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ بەتایبەت مەترسی سەرهەڵدانەوەی






ئەنسارولئیسلام و تەقینەوەکانی ئەم دواییە حاجی کەمالی فەرش فرۆش کە بازرگانی پلەیەکی ژوری بازرگانی سلێمانییە دەڵێت" من فەرش لە تورکیاوە دێنم ، هەتا بارێك تەواودەکەم، کەسێکی وەکو من لە هەولێر چوار بار تەواو دەکات و دەیفرۆشێت" ئەم بازرگانە یەکگرتنەوەی حکومەت و بارودۆخی ئێستای نێو یەکێتی بە هۆکاری پوکانەوەی بازاڕ دەزانێت و دەڵێت " ئایندەی نادیاری یەکێتی و ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تیایدایە، تەواو کاریگەری لەسەر بازاڕ هەیە و خەڵکی بەگشتی چاوەڕوانی گۆڕانە بۆیە بازرگانەکانیش پارەکانیان وەستاندووە و نایخەنە کارەوە"

(ئەحمەد ئیبراهیم)ـی تەمەن (٥٠) ساڵی بازرگان بڕوای وایە کە "وەستانی چالاکییە ئابورییەکان هەمووی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسییەوە هەیە و ئێستا کورد ئایندەیەکی نادیاری هەیە لە هەموو لایەکەوە مەترسی هەیە بۆسەر کورد، هەربۆیە خەڵك بەگشتی زۆر بێزار و ناموراتحە لە منداڵێکەوە بۆ پیاوێك و بۆ ژنێك و لە دەوڵەمەندو بازرگانێکەوە بۆ هەژارێك، کەس نازانێت مانگێکی تر چی روودەدات "

خاوەنی زەڕەنگەری هەکار لە شەقامی کاوە پێی وایە "وەستانی بازاڕ پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسییەوە نییە، بەڵکو ئەوپارە ئیفە کۆتایی هاتووە کەوا خەڵکی بەهۆی سەیارەی علوج و پاشا گەردانی دوای رووخانی رژێمی بەعس دەستیان کەوتبوو"

د. ئاراس دارتاش راگری کۆلیژی کارگێری و ئابوری زانکۆی سلێمانی سەرباری جەخت کردنەوە لەسەر کاریگەری بارودۆخی سیاسی عێراق و کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئێستا حکومەت کەمتر پارە دەخاتە بازاڕەوە و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێریش کاریگەری زۆری لەسەر پوکانەوەی چالاکی ئابوری هەیە لە دەڤەری سلێمانی هەروەکو دەڵێت " گەر سەیری بارودۆخی عێراق بکەی لە رووی سیاسی و عەسکەرییەوە خەریکە تێك دەچێت و کۆمپانیا بیانییەکان و عەرەبییەکان بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی عێراقەوە کارەکانیان وەستاندووە و گەڕاونەتەوە، کە کۆمپانیاکان وەستان، پارەش حیجز دەبێت، ئەمەش کاردەکاتە سەر پوکانەوەی ئابوری لە کوردستان، ئەمە جگە لەوەی حکومەتی هەرێم کەمتر پارە دەخاتە بازاڕەوە و هەندێك پارەشی راگرتووە"

دکتۆر ئاراس دارتاش جەخت لەوە دەکات کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بە هەموو شێوەیەك بەزیانی پارێزگای سلێمانی شکاوەتەوە و دەڵێت " ئێمەی کورد لە عێراقدا داوای فیدراڵی جوگرافی و نەتەوەیی دەکەین، بەڵام ئێستا حکومەتی هەرێم وایلێکردووین کە ئیمانمان بە فیدراڵی پارێزگا هەبێت، چونکە سلێمانی بەهۆی مەرکەزیەتەوە دەسەڵاتی نەماوە و لەگشت بوارەکاندا پوکاوەتەوە"

حاجی کەمالی ئەندامی ژوری بازرگانی سلێمانیش هەمان رای هەیە بەوەی کەوا لە سایەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا سلێمانی وەکو لادێیەکی لێهاتووە.

راگری کۆلیژی کارگێڕی و ئابوری زانکۆی سلێمانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت " رۆتینی جێبەجێکردنی کارەکان بەهۆی مەرکەزیەتەوە بووەتە هۆی پوکانەوەی ئابوری لە دەڤەری سلێمانی ناوچەی سلێمانی راهاتووە لەسەر لامەرکەزیەت و راشکاوی و رەخنەگرتن و شەفافیەت، ئەمانەی لێبگریتەوە دەمرێ و پوکانەوەی ئابوری و شارستانی و کۆمەڵایەتی رووی لێدەکات"

دکتۆر ئاراس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چەند هۆیەك هەیە بۆ ئەو پوکانەوە ئابورییە سەرەکیترینیان ئەوەبوو لە بودجەی دوو ساڵی پێشوو هەڵمەتێکی وەبەرهێنان دەستی پێکرد، گوژمی وەبەرهێنان گوژمێکی خێرا و نادروست بوو، ئەوانەشی لەو بوارەدا کاریان دەکرد شارەزا نەبوون ، ئەمە جگە لەوەی توانا ئابورییەکانی هەرێمی کوردستان چی توانای کەرتی تایبەت و چی توانای کەرتی گشتی لە ئاست ئەو برە پارە زۆرەدا نەبوون، واتە پلانی وەبەرهێنان نەبوو"

زۆربەی خەڵك بڕوایان وایە کە بڕینی سولفەی عەقار هۆیەکی دیکەی بێبازاڕی و پوکانەوە ئابوریەکەیە.

جەلیل قادر، کە دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی بیناکاری هەیە وتی " یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بوویە موسیبەت بۆ ئەو موچەخۆرانەی کە دەیان ویست پشت ئەستور بە سولفەی عەقار خانوو بکەنەوە"

